# پاسەوانێکی سەرۆکی عیراق بەرەو ئیسرائیل هەڵاتو بەڵگەی گرنگی دەربارەی چەکە کۆمەڵکوژەکان پێیە

سایتی: البوابة

ئا: سابیر عەبدوڵڵا کەریم

ڕۆژنامەی **Herld Sun**-ی چاپی ئوسترالیا لەڕاپۆرتێکیدا بڵاویکردەوە کە پاسەوانی شەخسی سەرۆکی عیراق (ئەبو حەمدی مەحمود) بەرەو ئیسرائیل هەڵاتووەو هەروەك یەکێك لەپشکنەرەکانی پێشووی چەکەکانی عیراق دەڵێت" ناوبراو بەلانی کەم بەڵگەی تەواوی پێیە لەبارەی بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لەدەست ڕژێمی عیراقدا کەهێشتا ئاشکرای نەکردوون.

بەپێی ئەو راپۆرتە ئەبو حەمدی لەلایەن سەدام حسێن-ەوە بەکاردەهێنرا بۆ تیرۆرکردنی ئەو کەسانەی کەخۆی دەیویست نەمێنن، ئێستاش پاش هەڵاتنی، لیستێکی پێشکەش بەمۆساد-ی ئیسرائیل کردووە سەبارەت بەو شوێنو حەشارگانەی کە عیراق چەکەکانی تێدا شاردۆتەوەو تا ئێستا پشکنەرەکان سەردانیان نەکردووە.

گرنگترین ئەو جێگایانە ئەمانەن:-

1-دامەزراوێکی چەکی کیمیایی لەژێر زەویدا کەدەکەوێتە بەشی باشووری نیمچە دوورگەی جادریە لەبەغدای پایتەخت.

2-ناوچەیەك بۆ کۆکردنەوەی مووشەکەکانی سکۆد لەنزیك رومادی، ئەو مووشەکانە عیراق لەکۆریای باکوور وەریگرتوون.

3-دوو جبەخانەی ژێرزەوی لەبیابانی خۆرئاوای عیراق کەچەکی بایۆلۆجی تێدا قایم کراوە.

لەو بارەیەوە ولیام تایرنی کە یەکێکە لەپشکنەرەکانی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعیراق سەبارەت بەو زانیارییانەی ئەبو حەمدی ئاشکرای کردوون وتی" ئەو زانیارییانە بەڵگەی ڕاستو دروستن، لەکاتێکیشدا پشکنەرەکان رووبکەنە ئەو جێگایانەی ئەبو حەمدی باسی کردوون ئەوکاتە هەموو شتێك بەنیسبەت سەرۆکی عیراقەوە کۆتایی پێدێت، سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە سەرەڕای لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەبو حەمدی-دا لەبنکەیەکی زۆر نهێنی لەبیابانی نەقەب هەفتەی رابردوو، ئاریێل شارۆن سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ڕێگەی داوە کەمێك لەو زانیاریو دانپیانانی ئەو هەڵاتووە عیراقییە بدات بەئاژانسی موخابەراتی ئەمریکا **CIA**و موخابەراتی بەریتانیا **MI6** .

بەپێی درێژەی راپۆرتی ڕۆژنامەکە لەنێوان دانپیانانەکانی تری ئەبو حەمدی مەحمودا پێنج حەشارگەی ژێرزەوی تر باسکراوە کە هەڵکەندراونو لەژێر تارمەلی گەورەدان، کڵاوەی جەنگییان تێدا حەشاردراوەو لەو بۆمبە بەتاڵانە دەچن کەماوەیەك پێش ئێستا پشکنەرە نێو دەوڵەتیەکان لەبەغدا دۆزییانەوە، لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەی **Herald Sun** هەندێك لەقسەکانی ئەبو حەمدی بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێت چەکی کۆمەڵکوژ لەژێر تونێلەکانی ژێر تۆڕی ئاوەڕۆی بەغداو چەند شوێنێکی (عوجە) لەباکووری تکریت لەژێر زەویدا حەشاردراون، ئەو شوێنە 5 ساڵ لەمەوبەر بەهاوکاری ئەندازیارە چینییەکان دروستکراوەو دەرگای چوونە ناوەوەی حەشارگەکە لەماڵی ئامۆزاکانی سەرۆکی عیراقدایە لەتکریت کە نیو میل دوورە لەشوێنی چەکە شاردراوەکان، لەدرێژەی قسەکانیدا ئەبو حەمدی مەحمود دەڵێت: من هەمیشە لەنزیك ئەو جێگەیانەدا بووم کەسەدام حسێن نانی لێدەخواردو لێیاندا دەخەوتو یەکێك بووم لەو پاسەوانە دەگمەنە نزیکانەی کەکەم کەس هەبوون وەك من لێی نزیك ببنەوە، ئەگەر خەڵکانێك بیانویستایە پەیوەندی پێوە بکەن بەمەبەستی پێدانی ئەو زانیارییانەی کەسەدام خۆی داوای دەکردن ئەوە لەڕێگەی هەردوو کوڕەکەیەوە عودەیو قوسەی-ەوە ئەنجام دەدرا یان لەڕێگەی تاریق عەزیز جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق کە تەنانەت ئەویش دەپشکنرا بۆ دڵنیابوون لەوەی کەچەکی هەڵگرتووە یان نا، چونکە سەدام دەیزانی پارەیەکی زۆر هەڵڕژاوە بۆ تیرۆرکردنی.

لەکۆتاییدا ئەبو حەمدی مەحمود دەڵێت" سەدام حسێن تەرسانەیەکی چەکی گەڕۆکی هەیەو خۆی دەمانچە هەڵدەگرێتو چەندین دوگمە هەن پەنجەیان پێدا دەنێت کاتێك هەست بکات کەسێك هەڕەشە لەژیانی دەکات.